وەزارەتی کارەبا لە ڕێگەی پڕۆژەیێکەوە هەزار مێگاوات کارەبا زیاد دەکات



وەزیری کارەبای عێراق جەختیکردەوە، دەستیان کردووە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی خۆری بەسرە کە لەگەڵ تەواوبوونیدا هەزار مێگاوات کارەبا لە تیشکی خۆرەوە دابیندەکات و بە یەکێک لە گەورەترین پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆرەوە دادەندرێت.

ڕۆژی شەممە، زیاد عەلی، وەزیری کارەبای عێراق دەڵێت، پڕۆژەی خۆری بەسرە لەسەر رووبەری نۆ هەزار دۆنم دادەمەزرێندرێت و نزیکەی دوو ملیۆن تەختەی وزەی خۆر لەخۆدەگرێت.

دەشڵێت، پڕۆژەکە بەسەر چوار یەکەی بەرهەمهێناندا دابەش کراوە و توانای بەرهەمهێنانی گشتی دەگاتە هەزار مێگاوات کارەبا.

باسی لەوەشکرد، پرۆژەکە یەکێکە لە گرنگترین پرۆژەکانی وزەی نوێبوونەوە لە عێراق و یارمەتیدەر دەبێت بە کەمکردنەوەی گازەکان و باشترکردنی ژینگە، هاوکات یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەرکردنی

قەیرانی کارەبا.